# به عەقڵی کوێر و نوسینی پەڕپوت نابن بە هیچ، ...

**وەڵامێک بە هشام ئاکرەیی و هاوکارانی**

**سامان ئەحمەد**

وەکو پیشە و هەپیشە لە سایتی کوردستان نێت ناونیشانێکی هستریکی نوسینێکی هشام ناوێکم لە دژی حککع بەرچاوکەوت ویستم بزانم چی ڕوویداوە وا ئەم نووسەرە ، قەڵەمە حازربەدەست و پڕ فکر و فەرهەنگەی خستووەتە گەڕ. بەڵام هیچ موناسەبەك و هیچ ووشەیەکی سیاسی و مەنتیقیم تیا نەبینی جگە لە هەڵڕشتنی زاخاوێکی هستریکی ناسیۆنالیستی و عەشایەری. دڵنیا بووم ئەم هشامە بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی کەسێکی دوواکەوتووە، هاوکات کەسێکی سەر لێشێواوە، وادەزانێ بەوەی کە ڕەسمی خۆی و نووسینی لە سایتێکەوە بڵاوکردەوە ئیتر بووەتە نووسەر و شەخسیەت و دەتوانێ بانگەوازیش بۆ نوسەران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بنێرێ! کەسی نووسەر و ڕۆشنبیر بەدەر لەوەی چ بیرو باوەڕێکی سیاسی هەیە توانایی و تایبەتمەندی خۆی هەیە کەسایەتی و بیروبۆچوونەکانی لە کۆمەڵگادا سەنگی هەیە و کاریگەری دادەنێ ( نموونەی شێرزاد حسن ، شێرکۆ بێکەس ، حەمە سەعید حەسەن ... ) . من ناهەقی نووسەرێکی وەکو حەمە سەعید حەسەن ناگرم کە زۆر جار لەم نووسەرە ساختانەی سایتە کوردیەکان پەست دەبێت و بەزەیی بە ووشە و زاراوەکاندا دێتەوە . بەداخەوە لە ڕاستی دا ئەم جۆرە کەسانە بەدەستی خۆیان، خۆیان ڕیسوا دەکەن .

هشام و هاوشێوەکانی دەزانن کەس ئاوڕ لە بابەتەکانیان ناداتەوەو، باش دەزانن کە توانای ڕەخنەگرتنی فکری و سیاسی یان لە حککع و حکمەتیزم نی یە. ئەم نووسەرە ساختانە لەناکاو جار ناجارێك کوێرانە بێ هیچ موناسبەیەك هێرش دەکەنە سەر حککع و مەنسور حیکمەت و دەیانەوێ بە دەستگرتن بەم پەتە ڕزیوەوە و لەم ڕێگا پڕ شەرمەزاریەوە خۆیان بنوێنن و متمانەی ناسیۆنالیستەکان وئەحزابی ناسیۆنالیست بۆ خۆیان ڕابکێشن . پێش هشام چەند کەسێکی تر ئەم ڕێگایەیان تاقی کردەوە و سەرەنجام جگە لە ڕوو زەردی هیچی تریان بۆ نەمایەوە .

هێرشی کوێرانە و هستریکی ڕۆژ نا ڕۆژانەی هشام و هاوشێوەکانی بۆ سەر حککع لەو سایتانەوە بووەتە سوونەتێکی بەردەوام، پێش هەموو شتێك ئەم سوونەتە دوواکەوتووە نیشانەی ئیفلاسی و بن بەستی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد و داکەوتوویی و بیر تەسکی و تەنگەنەفەسی ناسیۆنالیستەکانە کە دوورن لەهەر چەشنە پرەنسیپ و شێوازێکی مەدەنی و جەدەلێکی سیاسی و مۆدیرن . لە ڕاستی دا بە پێچەوانەی تێگەیشتنی لنگە و قووچی هشامەوە جێ و ڕێ و نفوزی فراوانی کۆمەڵایەتی حککع لەناو خەڵکی عێراق و کوردستاندا لە دژایەتی و هێرشی هستریکی و کوێرانەی حزب و ڕاگەیاندنەکانی ناسیۆنالیستەکان و ئیسلامی یەکاندا ڕەنگ دەداتەوە . بۆ یەکجار ئەگەر ئەم کەسانە چاویان بکەنەوە من تەنها یەك نموونەیان بۆ دەهێنمەوە ( ئەمساڵ لە سلێمانی کە ئێمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مناڵانی کوردستان بە شیعاری ( دابینکردنی مووچەی مانگانەی مناڵانی خوار ١٦ ساڵ لە داهات و بودجەی حکومەت ... ) ڤیستیڤاڵی ڕۆژی جیهانی مناڵانمان ساز دا ڕای گشتیمان بۆ ئەم خواستە ڕاکێشا، سەدان کەس گەورەو مناڵ دەستە دەستە بە شۆڕ و شەوقەوە دەهاتن بەرەو ڤیستیڤاڵەکەمان ( بەهەمان شێوە بۆ مەراسیمی ١ ی ئایار کە لافاو ڕێگاو بانەکانی گرتبوو بە ئاسانی هاتو چۆی پێدا نەدەکرا دەستە دەستە خەڵك بەرەو مەراسیمی ئایاری ئێمە دەهاتن ) بەڵام هاوکات کە ناسیۆنالیستەکان لە ژێر فشاری هەڵسوڕانی ئێمەدا مەراسیمی ڕۆژی جیهانی مناڵانیان سازدا بە ئیعترافی خۆیان لە یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا ژمارەی پەیامنێرەکان لە ئامادەبووان زیاتر بوون ، هاوکات دواتر لە بەرامبەر هەڵسوڕانی تەنها ئەم سەنتەرەدا حکومەتەکەی عمر فەتاح کەوتە بیانوو گرتن و هەوڵی بڕینی بودجەی سەنتەرەکە ...دەزگای ئاسایشیش کەوتە گرتنی کوێرانەی هەڵسوڕاوانی حککع . تەنها ئەمەندە بەسە کە ئینسانێکی عاقڵ ئیفلاسی و بێ نفوزی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە لایەك و خۆشەویستی و نفوزی فراوانی حککع لەناو خەڵکدا لە یەکتر جیا بکاتەوە . کاتێك لەلایەکەوە یەکێتی و پارتی هەڵسوڕانی ئاشکرای حککع قەدەغە دەکەن و هەڵسوڕاوانی ئێمە زیندانی دەکەن، لە لایەکی ترەوە جەماعەتی مقتدی و باندە ئیسلامیەکان پەلاماری بارەگای ئێمە دەدەن و هاوڕێ ی ئێمە دەفڕێنن و تیرۆری دەکەن، قەڵەمە ناسیۆنالیستەکانیش شەلم کوێرم ناپارێزم سایتەکانیان بە ووشەی تورەهات و پەڕپووت دەڕازێننەوە لە دژی ئێمە ... هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە هەردوو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی لە عێراق و کوردستاندا لە بەرامبەر حککع دا ئارامیان لێ هەڵگیراوە و لە سێبەر و تارمایی ئەم حزبە دەترسن هەرچی لە دەستیان بێت لە بەرامبەر ئەم حزبەدا دەیکەن ، سادەترین مافی مەدەنی و ئازادی سیاسی و هەرچی پرەنسیپ و ئوسوڵی سیاسی و ئەخلاقی هەیە پێ شێلی دەکەن . ئەو قەڵەمانەی خەریکی ئەم کارە پڕ شەرمەزاریەن و ئاو لەم سەرچاوەیە دەخۆنەوە باشترە بیرێك لە کەسایەتی و خورمەتی ئینسانی خۆ.یان بکەنەوە خۆیان نەکەنە مەخسەرەی سوننەت و فەرهەنگی دوواکەوتووانەی ناسیۆنالیستی .

2004/9/8





**وێنەی ڤیستیڤاڵی ڕۆژی جیهانی مناڵان لە سلێمانی - 2004**

Filnamn: ba aqli kwer....
Katalog: C:\Documents and Settings\Normal\Mina dokument
Mall: C:\Documents and Settings\Normal\Application Data\Microsoft\Mallar\Normal.dot
Rubrik: **ضةند تيطةيشتني نادروست**
□mne:
F□rfattare: Normal
Nyckelord:
Kommentarer:
Datum: 2004-09-09 10.07
Version: 8
Senast sparad: 2004-09-09 10.10
Senast sparad av: Normal
Total redigeringstid: 4 minuter
Senast utskrivet: 2004-09-09 10.10
Vid senaste fullst□ndiga utskrift
Antal sidor: 1
Antal ord: 737 (cirka)
Antal tecken: 3,855 (cirka)